# تیرۆر

له ڕۆژی جه ژنی قوربانه

ئه و گوله جوانانت هه لپروکاند

خۆش و شادی پێکه نینت

له سه ر زاری خه لك سرییوه

بویه هه وریکی چلکن وچه پل

خوێنت به سه ر خه لك داباراند

له جیاتی نقول

مه رگت به منالان به خشی

هاتی به و به ره به یانیه

وەکو رەشه بایه کی تووره

چراو مۆمی خۆشی و شادی

خه لکت کوژاندەوه

له شه قام و کۆلانه کان

رووباری خوێنت

دروست کرد

له جیاتی جه ژنه پیرۆزه

شین و واویلا ت به دایکان به خشی

ئه و ده سته ره‌ش و پیس و چه په له هات

له رۆژی جه ژندا

سه ری خۆشی و شادی و ئارامیان بری

ئه ی شاره‌که ی قه ڵاو مناره

ئه مه کارێکی زۆر ناره‌وایه

کارێکی درندانه یه

له مێژوو دونیا قه د روینه دایه

خه یلیان خاوه تیرۆریسته کان

گه لی کورد هه رگیز شه هیدی داوه

به زبروزه‌نگی ئه وان کۆلی نه داوه

تیرۆرسته کان  با باش بزانن

گه لی کورد هه ر له سه‌ر داوا رواکه ی خۆی ماوه

کورد هه رگیزاو هه رگیز نه تر ساوه

چونکه ئێمه وورەما ن له ئێوه به رزتره

دلمان له ئێوه گه وره تره

باوەرمان له ئێوه پته وتره

خوێنمان له ئێوه گه رمتره

ئه بی رۆژی له هه ر کوێی بێ

ده سگیرتان که ین

به په تی شادی خۆشی وجه ژن

هه لتان واسین

خالید شه یدا

هانۆڤه ر/ئه لمانیه ٢٠٠٤/٢/٦